السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئوان قومانن ئر بند واو ا ل ناواندا بمردا؛ ل سر قبر شون رستنان دروست درد

له عائیشه (دایكی ئیماندارانەوە) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئوم سەلەمە باسی كڵێسایەكی بە ناوی ماریا كرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە حەبەشە، وباسی ئەو وێنانەی كرد كە تیایدا بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوان قەومانێكن ئەگەر بەندە وپیاوی چاک لە ناویاندا بمردایە؛ لە سەر قەبرەكەی شوێنی پەرستنیان دروست دەكرد، وئەو وێنانەیان لەو شوێنانەدا دادەنا، ئەوانە خراپترین بوونەوەرن لەلای خوای گەورە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

دایكی ئیمانداران ئوم سەلەمە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەی كرد پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- كاتێك لە حەبەشە بوو كڵێسایەكی بینی -كە پێی دەووترا ماریە-، وێنە ونەخش وپەیكەری تێدا بوو ؛ وئەمەی پێ سەیر بوو ! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆكاری دانانی ئەو وێنانەی ڕوونكردەوە، فەرمووی: ئەوانەی باسیان دەكەیت ئەگەر پیاوچاكێك لەنێویان بمردایە ؛ لەسەر گۆڕەكەی شوێنی پەرستنیان دروست دەكرد، وئەو وێنانەیان تێدا دادەنا، وڕوونیكردەوە بكەری ئەم كارانە ؛ خراپترین خوڵقێنراوە لەلای الله -سبحانه وتعالى-، چونكە كردەوەكەی هۆكارە بۆ شیرك وهاوبەش بڕیاداران بۆ الله -سبحانه وتعالى-.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10887

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee